ژمارە: ١    No:

رۆژ: ٢٠١٦/٢/٢    Data:

# ڕاسپاردەی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٦

## تایبەت بە کەمکردنەوەی زیادەڕەویی و بەفیرۆچونی کارەبای نیشتمانی

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و پێنجەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە رۆژی ٢٠١٦/٢/٢، بەسەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣٠) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی هەموو ئەندامانی ئامادەبوو، بەمەبەستی نەهێشتنی دیاردەی دزینی کارەباو کەمکردنەوەی زیادەڕەویی و بەرگرتن لە بەهەدەردانی کارەبای نیشتمانی و، زیادکردنی داهات و پاراستنی هێڵەکانی گواستنەوەو باشکردن و بەفیرۆنەچوونی کارەبا، بەپشتبەستن بە خاڵی (٤)ی بڕیاری ژمارە (٣٩٢)ی ساڵی ٢٠١٣ی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ و، نووسراوی ژمارە (١٤٤٠٠)ی رۆژی (٢٠١٣/١٠/٩)ی وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستانی تایبەت بەپێدانی هاوبەشیی کارەبا و، ڕێنمایی ژمارە (٦٤)ی رۆژی (٢٠١٣/١/٣)ی وەزارەتی کارەبا، لەبەرئەوەی ئەم بڕیارە لە هەموو پارێزگاکانی عێراق و پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکیش جێبەجێدەکرێت.

پشتبەست بە بڕگەی (هەشتەم) لە مادەی (شەشەم)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، ئەم ڕاسپاردانە پێشکەش بەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات، بەمەبەستی جێبەجێکردنیان:

١. پێوەری کارەبا بۆ هەر شوێنێک دابنرێت کە کارەبای نیشتمانیی هەیە و پێوەری نییەو، وەک هاوبەشی نوێ تۆماربکرێت.
٢. بەپێی یاسا سزای هەر کەس و شوێنێک بدرێت کە لەدەرەوەی ئەم بڕیارو ڕێنمایی و ڕاسپاردانەو بێ پێوەری کارەبا، کارەبا بەکاردێنێت.

- لە سلێمانی نووسرا، لە رۆژی (٢) مانگی (٢) ساڵی (٢٠١٦)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی